# نەفرەتی چەپی حاشیەیی لەحیزب وحیزبییەت!
# وەڵامێك بە حەمەی ئاسنگەران

محمـــــــــــــد غفـــور
mgafor@yahoo.com

سەرەنجام مەیلی چەپی حاشیەیی ناو حككا بەڕابەری حمید تقوائی بەدوای لەدەستدانی ڕابەری ئازیز،مەنسور حكمەت دا فرسەتی دەست كەوت ولەگەڵ تووندبوونەوەی جیاوازییەكاندا كەحیزبی هاویشتبووە جێگایەك كەبۆ خەتی كۆمۆنیزمی كرێكاری وحكمەتیست قابیلی قبولكردن نەبوو،وە لەبەرامبەر ئەوزاعی پڕ لە ئاڵوگۆڕی ئێراندا بەتەواوی پاسیفیست وبێ كاریگەر مابووەوە، ئۆپۆرتۆنیستانە ڕەوتی كێشەكانیان بەشێوەیەكی ئاشكرا بەباری لەتكردنی حیزبدا برد. هەموو ڕێگاكانیان بۆ یەكێتی ویەكپارچەیی حیزب بەبنبەست گەیاند وحیزبیان دووكەرت كرد.پڕوپووچی باسی مجلیسی موئەسیسان و حجاریان و "تێزە ڕاستەكانی" كۆرش مدرسی ...تد، ڕووپۆشێك بوون بۆ وونكردنی ڕاستی جیاوازییەكان ورووداوەكان بۆ بادانەوە بۆ سەر هەمان ئەو سوننەتانەی چەپی حاشیەیی كە مەنسور حكمەت وهاوڕێكانی زیاتر لە 25 ساڵ خەباتیان كرد بۆ دابڕانی كۆمۆنیزمی كرێكاری لێیان.لەم بارەوە باسەكان وهەڵوێستەكانی هەردوولا هەیە ولەبەردەستدان.

ئەمە كە كەسێك یا لایەنێك بێت ودووڵەتبوونی حككا بەسەركەوتن لەقەڵەم بدات و شایی ولۆغانی بۆ بەرپابكات، وەكو لە بەناوكۆنگرەی 5 ی حككا دا بەچاوی خۆمان بینیمان، ئیتر باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی كەئەم كەس ولایەنە لەكوێی كۆمەڵگا وهاوكێشە سیاسییەكاندا قەراری گرتووە، وتا چ ڕادەیەكیش ئەتوانێت كاریگەری بهاوێتە سەریان. تا ئێرە هەردوو باڵی حككا، كۆمۆنیزمی كرێكاری (یانی ئەو خەتەی حككا_حكمەتیستی پێكهێنا)، وە باڵی چەپی حاشیەیی (واتە باڵی بەجێماو لەناو حككا دا)، تا ڕادەیەك ڕۆشن بۆتەوە كەهەر كامەیان بەمامەڵەیان لەگەڵ مەبادیئەكانی كۆمۆنیزم وتیوری ماركسیستی حیزب وحیزبییەت وتیوری شۆڕش ودەوڵەتی سەردەمی شۆڕشگێڕانە و..تد لەباس وجەدەلەكانیاندا چەندە وەفادارن بەسوننەتەكانی كۆمۆنیزمی كرێكاری ومەنسور حكمەت.وە ئەساسی ترین مەسەلە، یانی مامەلە لەگەڵ خودی جیاوازییەكاندا لەناو حیزبێكی سیاسی وەكو حككا دا، ڕادەی جدیەت ودووری ونزیكییان لە خەتی حكمەتیستی بۆ ڕووانینیان بۆ شۆڕش وچۆنییەتی دەستبردن بۆ دەسەڵاتی سیاسی كەوتە ڕوو. لەسەر بنەمای ئەسنادەكانیانەوە باڵی حمید تقوائی نموونەی ئۆپۆرتۆنیزم بوون لەهەڵسوكەوتیان لەگەڵ جیاوازییەكاندا، وتەواوی دەرگاكانی یەكپارچەمانەوەی حیزبیان داخست و ئینحلالتەلەبانە هەموو پرەنسیپ وئوسول و مەوازینە حیزبییەكانیان نایە ژێر پێوە. ئەكسەریەتی كۆمیتەی ناوەندی حككا ش ناچاربوون بۆ دیفاع لەخەت وسیاسەتی مەنسور حكمەت حیزبی نوێ پێكبهێنن.درووست لێرە بەدواوە شكستەكانی چەپی حاشیەیی دەستپێ ئەكات. ڕابەرانێك كەئەكسەریەتی كۆمیتە ناوەندی بوون لەپێناوی بەرگرتن بە پرۆژە وسیاسەتێكی ئینحلالتەلەبانەدا كەبەڕابەری حمید تقوائی وهاوڕێكانی لەناو حككا داخۆیان حەشاردابوو، بۆ وەرچەرخاندنی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی كرێكاری ڕووەو سوونەتە كۆن وحاشیەییەكانی چەپی قەدیمی ویەكەم هەنگاوەكانیان دەستیان برد بۆ خەتەرترین هەڵوێستگیری سیاسی لەم بزووتنەوەیە، یانی ئینحرافپێكردنی تیوری ماركسیست_لینینیستی حیزب، ودایان بەژێر بنەماڕێكخراوەییەكاندا وبازیاندا بەسەر ئیرادەی ئەكسەرییەتی كۆمیتە ناوەندی هەڵبژێردراوی كۆنگرەی 4دا، ودووڵەتبوونی حیزبیان كردە واقع. وە بۆ ڕەسمیەتدان بەخەتی چەپی حاشیەیی لەناو حككا دا بانگەوازی كۆنگرەی ئەندامانیان كرد.

سەرەتا بالی حمید بە ڕێبوار ئەحمەد وڕابەرایەتی حککع یان ووت ئێوە ڕاوەستن وهیچ مەکەن هەتا کێشەکان یەکلایی دەبنەوە.لەکاتێکدا ئەم ڕووداو خیلافانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان هەیە بەحککع وبزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیشەوە. بەدرووست هەلوێستی یەکپارچە وسەلیم وتۆکمەی ڕابەرایەتی حککع بۆ پشتیوانی لەحیزبی حکمەتیست، بالی حمیدی توشی شۆك کرد.لەهەمانکاتدا نەخشی چارەنووسسازی بینی لەدەربازکردنی مەنسور حکمەت وخەتی ئەو لەیەکێك لەگرنگترین بەرزەخەکانی بزووتنەوەکەماندا. دوای ئەم شکستە هەولیاندا بەپەرتکردنی موزەخرەفاتی لەچەشنی هەلوێستگیری سەربەخۆی ڕابەرایەتی حککع لەئەندامان وکادرانی، بەناوی مافی ئەوانەوە نارەزایەتی و شۆڕش بەرپا بکەن، ولەزمانی حمید خۆیەوە وبەشوێنیدا مستەفا سابیر ومحسن ئبراهیمی وئازەری ماجدی دەستیاندایە کەمپینێکی ئاشکرا بۆ هەلخڕاندنی شۆڕشی ئەندامانی حککع لەدژی ڕابەرایەتی. ئەم هەولەشیان بەوەڵامی سەرتاسەری ویەکپارچەی کادر وئەندامان وکۆمیتە حیزبییەکانی حیزبی عێراق پووچەل کرایەوە. ئنجا هاتن بانگەوازی کادر وئەندامانی حیزبیان کرد بۆ کۆنگرە نایاسابییەکەیان لەسەر سایتەکەیانەوە. ئەم هەولەشیان بەوەڵامی نەفی یەکپارچەی کادر وئەندامانی حیزبمان ناکام مایەوە. جگە لەچوار هاوڕێی حیزب کەبەداخەوە کەوتنە شوێن بانگەوازەکەی حمید ولەبەناوکۆنگرەکەیان ئامادەبوون. وەلە کۆنگرەکەیاندا بڕیارنامەیەکیان پەسەندکرد بۆ تێکدانی یەکپارچەیی ویەکێتی ڕیزەکانی حککع، وڕێگایان خۆشکرد بۆ ڕاگەیاندنی بەناو فراکسیۆن لەکۆنگرەکەیانەوە. بەداخەوە ئەم هاوڕێیانە بوونە ئامرازی جێبەجێکردنی ئەم پیلانەی حککا بۆ هەلوەشانەوەی حککع.

ئەم هاوڕێیانە کەیەك ئەندامی کۆمیتە ناوەندی وسێ کادری تری حیزب بوون، بەداخەوە هەر لەسەرەتاوە بەناوی خیلافاتەوە دەستیاندابرد بۆ خروقاتی ئوسول ومەوازینە حیزبییەکان. لەدەرەوەی ئۆرگانەکانی خۆیاندا نامە وهەلوێستەکانیان بڵاوکردەوە بەناو تەشکیلاتدا، ودەستیان برد بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا لەدژی ڕابەرایەتی. وەبە پێچەوانەی بڕیاری ڕابەرایەتییەوە بەشداری کۆنگرەی حمید تقوائیان کرد. نەك هەر ئەمەش بەلکو داوایەك کەبۆ پێکهێنانی فراکسیۆن خستبوویانە بەردەم ڕابەرایەتیەوە، پێش ئەوەی وەڵام بدرێنەوە دوای 4 ڕۆژ لەکۆنگرەی حککا وە ڕایانگەیاند. جگە لەوەش بەپێچەوانەی ڕێککەوتننامەی نێوان حککا وحککع سێ کادری حیزبی ئێمە خۆیان کاندیدکرد بۆ کۆمیتە ناوەندی حککا وبوونە ئەندام.

حەمەی ئاسنگەران لەسیمینارە پالتاکیەکەیدا دوێنێ شەو، وەکو بۆ کۆمەلێك کەسی بێئاگا لەڕووداوەکان قسەبکات، بەئارەزووی خۆی ڕاستی ئەم ڕووداوانەی ئاوەژوو دەکردەوە. بێ پرەنسیپی سیاسی ئەو گەشتبووە ئاستێك کەلەبەرامبەر دەنگی ڕەسای دەیان کادری ئامادەبووی حیزبماندا، کەبەچەندین شێوە پێیان ڕاگەیاند، ڕاوەستە ئاسنگەران واقعییەتی مەسەلەکان مەشێوێنە وڕێگەت پێنادەین بەناوی مەنسور حکمەتەوە ئەم فەرهەنگی دیالۆگە نزمە وئەم سوننەتە غەرییە بەکۆمۆنیزم وکۆمەلگا بپژێنیت بەچاوی خەلك وکۆمەلگادا، بێجگە لەدرۆکردن وهەلبەستنی ڕیوایەتی بێبناغە زمانی لال بوو لەبەردەم هوشیاری کادرانی خەتی مەنسور حکمەتدا، وتازە ئەو شێوازەشی تەنها ڕێگایەك بوو کەبەشەرمەزارییەوە بێهوودە بەئامانجی پچڕینی بڕێك سومعە بۆخۆیان ناچاربوو بیگرێتەبەر وجگە لەمە قسەیەکی سیاسی ومتمدنانەی نەبوو بیلێت. ئاسنگەران زەڕەیەك ڕێز بۆئەو ژمارە زۆرە لەخەلك کەئامادەی سیمینارەکەی بووبوون وڕیزێکی بەرفراوان لەکادر وئەندامانی حککع کەبەهوشیارییەوە یەکپارچە لەپشتی ڕابەرایەتی حیزبی خۆیان لەم هەلوێستە سیاسییەیدا ڕاوەستابوون قایل نەبوو، وەهەلوێست وهەلبژاردنی سیاسیانی بەڕەسمی نەناسی. دەیان جار ئەو قەوانەی لێئەدایەوە کەکادر وئەندامانی حککع فارسی نازانن وجیاوازییە

سیاسییەکان تێناگەن وئەم شتانە.بۆیە ڕابەرایەتی حیزبی عێراق "کڵاوی ناوەتە سەریان!". وە بەم شێوازە قێزەونەشی ئەیەوێت کریار بۆ قسەکانیان پەیدا بکات.

ئاسنگەران لەسیمینارەکەیدا لەژێر مەنگەنەی ڕەخنەی مەحکەمی ئێمە کادرانی حککع دا ناچاربوو ئیعتراف بکات بەوەی کە ئەوان وکۆنگرە وحیزبەکەیان بەتەواوی دەستیان هەیە لەدروستکردنی "فراکسیۆن"دا، وڕاشیگەیاند کەبەهەموو توانایانەوە پشتیوانیان لێئەکەن.ئەوەشی بەوە پاساو دەدا کەبۆچی ڕابەرایەتی حککع پشتیوانی لە حیزبی حکمەتیست کردووە. ئەو ووتی:"بۆ ئەبێت ڕێبوار ئەحمەد هەقی هەبێت ئینشیعاب بکات لە حککا دا، بۆ نابێت ئەو ژمارەیە لەهاوڕێیانی مخالیف بەڕابەرایەتی هەقیان بێت دیفاع بکەن لە حککا کە گوایا لەسەر خەتی پێشووی ماوەتەوە!؟"ئەمە درۆیەکی شاخدارە ئاسنگەران دەستی بۆ ئەبات. ئێوە بالی بەجێماو لەحککا دا بەپشتیوانی هەمووئەسنادەکان وقسەکانتان ئینشعابتان کرد لەحیزب وحیزبتیان شەقکرد. لە واقعدا ئەوە ئێوە بوون لەڕێباز وسوننەتی مەنسور حکمەت وئوسولە سازمانیەکانی ئینشیعابتان کرد. وە ئەوە حیزبی حکمەتیست بوو کە لەسەر جێگای خۆی ولەسەر خەتی حکمەتیست وەفادار مایەوە. ئێوە داتان بەژێر پلینۆمی شەرعی وڕەسمی وئەکسەرییەتی کۆمیتە ناوەندیدا وکۆنگرەی ڕاستەوخۆی ئەندامانتان بەرپاکرد. ئەمە کوێی پەیوەندی بە کۆمۆنیزمی کرێکاری و خەتی حکمەتەوە هەیە بەویژدانت ئاسنگەران؟؟ ئێوە جیابوونەوەتان لەئەکسەرییەتی کۆمیتە ناوەندی حککا تان بەسەرکەوتن دانا وکۆنگرە ناشەرعییەکەتان کردە ئاهەنگ گێڕان وچەپلەڕێزانی بەجێهێشتنی حکمەت وسوونەتەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری. خەلك وکادر وئەندامانی بزووتنەوەکەمان گریان ودلیان گووشرا وخەو لە چاویان تارا بەم هەنگاوەتان، ئێوە دەلێن بەسەر ڕاستتدا سەرکەوتین وشایی ولۆغانتان سازکرد!! بەڕاستی شەرماوەرە ئینسان بەم ڕاددەیە دەستبداتە تەوهین وبێئابڕووکردنی سەدان هاوڕێی تادوێنێی خۆی، وناویشی لێ بنێت سەرکەوتن.دلنیابن خەلك وکرێکاران لێتان قەبول ناکەن ویەخەتان ئەگرن.

پاشان ئاسنگەران،ئێوە کەبەکردەوە بێزاری ونەفرەتی خۆتان لەحیزب وحیزبییەت نیشاندا وهەرچی ئوسول وپێوانە ومەوازنی حیزبی هەیە خستتانە ژێرپێتانەوە،و حککا تان بەم ڕۆژە گەیاند،وڕۆژانەش بەم شێوازانەتان تۆوی نەفرەت وبێزاری لەحیزبیەتی کۆمۆنیستی وکۆمۆنیزمی کرێکاری لەناو کۆمەلگاو خەلك وکرێکاراندا ئەچێنن،بەچ ڕوویەکەوە باس لەدیفاعکردن لەحککع ئەکەن، وبەم پڕوپووچانەتان گەرەکتانە کێ فریوبدەن؟؟ ئایا سالی 95 کاتێك کۆمەلێك کادر خواستی فراکسیۆن پێکهینانیان کرد لە ناو حککع مەنسور حکمەت وەکو ئێوەی کرد؟؟ هات بە فراکسیۆنی ووت شەق هەلدەن لەحیزب وحیزبییەت وڕابەرایەتی، وئۆرگانە حیزبییەکانتان هیچ نین وبەسەریاندا بازبدەن؟؟ ئاخر بۆ ئێوە کەشکست دوای شکست لەسەر دەستی کادر وئەندامانی حککع دا خواردووتانە ناهەقتان ناگرم ئەتانەوێ تۆلە بکەنەوە ودەست بۆ ئەم شێوازە نزمە ئەبەن لەسیاسەتتاندا. ئێوە نەخشەتان داڕشتبوو بۆ هەلوەشاندنەوەی حککع یش، وبەهەر نرخێك بووبێت دەبوو هەرایەك شتێك سازبکەن تا لەکۆنگرەکەتانەوە بەکۆمەلگای ئێران وکرێکاران بلێن ئێمەش "فراکسیۆنی ناو حککع"مان لەگەلدایە. ئێوە دەبوو ئەم کارە بکەن.ناچاریش بوون دەست بۆ هەر شێوازێك بەرن بۆ ئەنجامدانی، چونکە شێوازی ئوسولی بۆتان ڕێگاکەی نەبوو. بەلام زۆر سەخت بوو ئەم کارە بۆتان، نەك هەر ئەنجامدانی سەخت بوو کەسەختیەکەیتان لەوەلامی یەکپارچەی ئێمە کادر وئەندامانەوە وەرگرتەوە، بەلکو سازکردنی هەرای "بوونی فراکسیۆنەکەشتان!" بۆتان سەخت بوو، وەك بینیمان ئەم کارە بووە دەستوورکاری ئەسلی کۆنگرەکەتان. هاوڕێیانێکی ئێمە کەخیلافیان بەهەلوێستی ڕابەریان هەبوو لەئێوەوە فێربوون، وەئێوە

تیوریزەی ژێرپێنانی ئوسول وپێوانە حیزبییەکانتان بۆکردن، وبەداخەوە ئەوانیش بوونە شەریکی جێبەجێ کردنی ئەم نەخشەیەی ئێوە لەدژی حککع. ئێوە کە هیچ، بەڵام ئەوان ئەگەر سۆشیالیزم وکۆمەڵگا وکرێکار وئێستا وئایندەی حیزبەکەیان بۆ مەسەلە وگرنگ بووایە، شەرت نەبوو تەسلیم بە خواستی ئێوە بن کە "فراکسیۆن"ەکەیان ئیللا هەر دەبێت لە18-09-2004 و لەدووەم ڕۆژی کۆنگرەی حککاوە ڕابگەیەنن!ئەوان بە ئاگابن یانەبن بەم کارەیان بەتەواوی چوونە خزمەتی ئەو پرۆژە وپیلانەی حککاوە. بەڵام وەبیریان دێنمەوە کەئەوان هەربەدوای پشتیوانی حککع لەحیزبی حکمەتیست، بەناوی جیاوازی سیاسییەوە دەستیان دایە خروقاتی حیزبی. بەم کارەشیان کەوتنە بەردەم لێشاوی ڕەخنە وناڕەزایەتی کادر وئەندامانی حیزبەوە وسەرەنجام حیزب بەئیجرائاتی پێویست ئەو دەرگایانەی داخست کەخەریکبوو لێوەی ڤایرۆسی ئینحیلالتەلەبانە دزەبکاتە ناو حیزبی ئێمەوە. حەمەی ئاسنگەران سیمینارە پالتالکییەکەی کتومت تەرخانکردبوو بۆ پاساودانی ئەم پرۆژە وپیلانەیان لەژێر ناوی مافی فەردی ومەدەنی هاوڕێیانی موخالیفی حیزبماندا کەگوایا لەلایەن ڕابەرایەتی ئێمەوە پێشێلکراوە، وهەروەها ئەوەی کەگوایا لێسەندنەوەی ئەندامێتی لەو هاوڕێیانەی بەشداری کۆنگرەی 5حککایان کردووە، بەهۆی خیلافی سیاسییەوە بووە نەك خروقاتی حیزبیی. ئەم قسەیە بڕواناکەم ئاسنگەرانیش وڕابەرانی حککاش وهاوڕێانی موخالیف خۆشیان بڕوایان پێی هەبێت. ئەمە خۆلپژاندنە بەچاوی خەلکدا وسوکایەتییە بەحیزب وبە سیاسەت وبەسۆشیالیزم وبەکرێکاریش. حیزبی ئێمە فراوانترین بواری بۆدەربڕینی خیلاف کردۆتەوە، کەناڵێکی تایبەتی بۆ بڵاوکردنەوەی باسە ناوخۆییەکان و گەیاندنی قسەی هاوڕێیانی موخالیف بە تەواوی ئەندامان کردەوە و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کرد بە مەسئولی، سیمیناری جۆربەجۆری لە ناوتەشکیلاتدا ساز دا و هاوڕێیان دەیانتوانی بەو پەڕی ئازادی نەزەری خۆیانی تیا بەیان بکەن، سیمیناری کادرەکانی دەرەوەی وڵاتی ساز دا وتەواوی هاوڕێیانی بانگەواز کرد بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، کە بەندێکی سەرەکی ئەو سیمینارە باسی اختلافات وجیابوونەوەی ناو حککا بوو. کادرەکان بۆیان هەبوو ودیارە ئێستاش بۆیان هەیە نەزەری جیاوازی خۆیان وپلاتفۆرمی جیاوازی خۆیان دابڕێژن وبەشداری پیلینۆمی حزب بکەن وهەوڵ بدەن هەڵوێستی موخالیفی خۆیان بکەن بە هەڵویستی حزب. ڕابەرایەتی حککع هەموو دەرگایەکی بۆ هاوڕێیانی موخالیف کردۆتەوە بۆ دەربڕینی جیاوازی سیاسی، وە بەچەندین شێوە وچەندین جار ئەم هاوڕیانە ئاگادارکرانەوە کەدەست لەخروقاتی حیزبی هەلگرن وکەلك لەکەنالە ئوسولییەکانی حیزبی وەربگرن بۆ دەربڕنی جیاوازییەکانیان. بەداخەوە هاوڕێیانمان بەمەبەستەوە ڕێك بەپێچەوانەوە جووڵانەوە. حیزبی سیاسی چینی کرێکار وپێوانە ومەوازینە حیزبییەکان محوری باسی شۆڕشی کرێکاری وسۆشیالیزم ومەفهومی گرتنی دەسەڵاتی سیاسییە.چەمکی حیزبی سیاسی لەتیوری مارکسیستیدا پێش لەهەر شتێك ئەسل وئەساسییە وجێگای بەهیچ شتێك ناگیرێتەوە .ئەم دەورانە دوای لەدەستدانی ڕابەری ئازیز مەنسور حکمەت وبەدیاریکراویش لەم بەرزەخەدا کەکۆمۆنیزمی کرێکاری پیاتێ ئەپەڕێت کەهێرش بۆسەر حیزبی مەنسور حکمەت لەلایەن بالێکی ناو حیزبەکەی خۆیەوە بۆتە ستراتیژیان، دیفاعکردن لەحیزبییەت وحیزبی سیاسی چینی کرێکار ئەولەویەتی کاری کۆمۆنیستە کرێکارییەکانە. حککع وڕابەرایەتییەکەی ئەم دیفاعەی نوێنەرایەتی کرد لە حیزبییەت وئێوەش ڕابەری ئینحیلالی حیزب وحیزبییەت بوون. وەزیفەی ئێمەیە ئەم ڕاستییانە لەژێر تەپ وتۆزی تەبلیغاتی فریوکارانە بەدرەوشاوەیی ڕابگرین. ئاسنگەران تۆ وهاوڕێکانیشت لەگرتنەبەری ئەم ئەرکە دژی کۆمۆنیستییەتەتان سەرکەوتوو نابن. پراتیك وئایندەیەکی نەچەندان دوور ئەمە بۆ هەموو کەس ڕۆشن دەکاتەوە.

بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

بژی مەنسور حکمەت

10 **ئۆكتۆبەر** 2004